DIAKURD

# کۆنفیدراسیونی کوردانی دیاسپۆرا (دیاکورد)

- ڕەشنووسی دەستوور – ٢٠١٩/١٠/٦ -

## §١. ناو، ناوەند و شوێنی چالاکی

ناوی ڕێکخراوە بە زمانی ئینگلیسی"Kurdish Diaspora Confederation " و ناوەندی لە شاری برووکسێل پایتەختی بلژیکە. ناوی کۆرتکراوی ڕێکخراوە دیاکوردە (Diakurd) و ڕێکخراوە ئەکرێت بەم ناوە پێناسە بکرێت. ڕێکخراوە بە کوردی بە ناوەکانی "کۆنفیدراسیۆنا کوردێن دیاسپۆرا" یا "کۆنفیدراسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا" دەناسرێت.

## §٢. ئامانج و ئەرکەکانی ڕێکخراوە

کۆنفیدراسیۆنی کوردانی دیاسپۆرا (دیاکورد) لە بواری ئێتیکی، سیاسی و ئایینیەوە بێلایەنە. دیاکورد لایەنگری دێمۆکراسی، ئاشتی و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتیە.

ئامانجە سەرەکیەکانی دیاکورد بریتین لە:

**١. پەرەپێدانی هاوکاری لە نێو ئەندامان و ڕێکخراوەکانی کوردی و پێشکەوتنی کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردان لە دیاسپۆرا:**
دیاکورد چەتری فیدراسیۆن و ڕێکخراوەکانی کوردی لە تاراوگەیە. دیاکورد بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی کۆردیناسیونی چالاکیەکانی نەتەوەیی ڕێکخراوەکانی کورد و کوردستانی لە دیاسپۆرا کاردەکات. دیاکورد سەربەخۆ و پێکەوە لە گەڵ کۆمەڵەکانی ئەندامی لە پێناو بەرژەوەندیەکانی کۆمەڵگە ی کوردی لە دیاسپۆرا کار دەکات. ئەو پاڵپشتی ناسنامە و فەرهەنگی کوردیە و نوێنەرایەتیی کوردانی تاراوگە دەکات.

**٢. بەهێزکردنی ئینتیگراسیون و پەیوەندیەکانی دیاسپۆرای کورد لە گەڵ وڵاتان و نەتەوەکانی تر:**
دیاکورد کوردانی دیاسپۆرا هان دەدا بۆ خوێندن، کارکردن، بەشداری لە سیاسەت، خۆرێکخستن و چاکردنی پەیوەندی لە گەڵ ئەم وڵاتانەی کە لێی نێشتەجین. ئامانجی دیاکورد بەهێزکردنی پەیوەندیەکان و چاکردنی دۆخێکی سازندەیە بۆ دیالۆگی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و سیاسی لە نێو کۆردان و ئەم وڵاتانەی کە دیاسپۆرای کورد لێی نێشتەجیە.

**٣. پشتگیری لە بەرژەوەندیەکانی نەتەوەیی کوردان و مافەکانی گەلی کوردستان:**
دیاکورد پشتگیری لە مافەکانی کوردان دەکات بۆ پێکەوەژیان، دێمۆکراسی، یەکسانیی کۆمەڵایەتی و دیاریکردنی مافی چارەنووس لە هەموو بەشەکانی کوردستان. ئەو دۆخێ مافی مرۆڤ و بابەتەکانی پەیوەندیدار بە پرسی کورد دەهێنێتە بەر باس. دیاکورد لە پەیوەندیەکانی لە گەڵ ناوەندەکانی بڕیاردەر، لۆبێی بەرژەوەندیەکانی کوردستان و کوردستانیانی تاراوگە دەکا. ئامانجی دووارۆژی دیاکورد دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەیی کوردانی دیاسپۆرا یە.

لە پێناو پێکاندنی ئارمانجەکانی، دیاکورد:

١. لە پێناو بەرەوپێشبردنی ئینتیگراسیۆن هاوکاریی ئەندامانی دەکا بۆ دارێشتنی پلان و جێبەجێکردنی چالاکیی تایبەت

٢. لە پێناو گەیشتن بە ئارمانجەکانی خوی لە گەڵ فدراسیونەکانی ئەندام، ڕێکخستنەکانی تری کوردی، دەسەڵاتی کوردی لە کوردستان و لایەنەکانی دیکە کە ئارمانجی هاوبەشیان هەیە، هاوکاری دەکا.

٣. هەلدەستێت بە ڕێککخستنی چالاکیی سەربەخۆ یا هاوبەش لە گەڵ ڕێکخستنەکانی ئەندام و لایەنەکانی پەیوەندیدار.

٤. لە پێناو باشترکردنی کوالیتی ژیان و پێگەی کومەڵگای کورد لە تاراوگە پرۆژەی تایبەت پلان و جێبەجێ دەکا.

٥. بەشێوەیەکی چالاکانە بەشداری لە تاوتوکردنی گشتی لە سەر پرسی کورد، تاراوگە و بابەتەکانی گرێدراو بە پەیوەندیی کوردان لە گەڵ دنیای دەرەوە دەکا.

٦. هەول دەدا بۆ بەڕێوەبردنی چالاکیەکانی ببێتە خاوەن بارەگا، ناوەند، کۆمپانی و پێداویستیەکانی تر.

بۆ دابینکردنی تێچوویی دارایی دیاکورد بۆی هەیە:

١. حەقی ئەندامەتی و یارمەتیی ئابۆری لە ئەندامەکانی وەربگرێ.

٢. یارمەتی لە لایەنەکانی کوردستانی و نێونەتەوەیی داوا بکا و وەربگرێ.

٣. بەرهەم و خزمەتگوزاریەکانی پەیوەندیدار بە ئامانجەکانی پێشکێش بکا.

٤. خەڵات و یارمەتیی مرۆڤدوستانە وەربگرێ

٥. بە ڕێگایەکانی یاسایی پارە دابین بکا و تیرۆپشک ئەنجام بدات.

## §٣. ساڵی دارایی

ساڵی دارایی لە ١/١ی ساڵ دەستپێدەکا و لە ١٢/٣١ کووتایی دێت. ساڵی دارایی یەکەم بە تۆمارکردنی ڕێکخراوە دەسپێدەکا و تا کۆتایی ساڵی دوواتر بەردەوام دەبێ.

## §٤. ئەندامەتی

هەموو ڕێکخراوەکانی مەدەنی وەک فیدارسیۆن و ناوەند کە بە فەرمی لە دیاسپۆرا تۆمارکرابن و مەرجەکانی خوارێ بەجێبێنن بۆیان هەیە وەک ئەندام لە دیاکورد وەربگیرێن:

١. دەستووری دیاکورد وەک خۆی پەسەند بکات و پشتگیریی بکات.

٢. دان بە کورد وەک نەتەوەێیک بنێت کە خاوەنی وڵات، ئاڵا و سروودی نەتەوەییە و مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەولەتی نەتەوەیی هەیە.

٣. لەم وڵاتانای کە فیدراسیۆن دانەمەزراون، ڕێکخراوەکانی مەدەنی ئەتوانن داوای ئەندامەتی بکەن. دیاکورد بە پێی شەرت و مەرجەکانی ئەم وڵاتانە لە سەر ئەندامەتیان بڕیار ئەدات. نوێنەرانی ئەم کۆمەڵانە ئەتوانن لە کۆنگرە و کۆمیسیونەکانی دیاکورد بەشدار بن، بەڵام تەنیا فیدراسیون و ناوەندەکان ئەتوانن وەک ئەندام وەربگیرێن.

ئەندامەتی بە نووسینی نامەی فەرمی لە گەڵ کۆپیی تۆماری فەرمیی ڕێکخراوە، ناوی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری و لیستی کۆمەڵەکانی ئەندام لە ڕێکخراوە، داوا دەکرێت. کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دیاکورد دوای پێداچوونەوە لە بەجێگەیاندنی مەرجەکان، داوایەکە بۆ کۆمیتەی گشتی بەرێدەکات. کۆمیتەی گشتی بە زورینەی دەنگەکان داواکانی ئەندامەتی قەبوول دەکات. لە کاتێک دا کە داوای ئەندامەتی قەبوول نەکرێت، هۆیەکانی بە نووسراوە وڵام دەدرێتەوە.

## §٥. کۆتاییهاتنی ئەندامەتی

ئەندامەتی ئەکرێت لە سەر وازهێنانی دڵخواز یا دەرکردن بە کۆتایی بێت.

وازهێنانی دڵخواز بە ناردنی نامەی فەرمی بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەری ئەکرێت. بۆ وازهێنان لە ئەندامەتی پێویستی بە بڕیاری فەرمیی ڕێکخراوی ئەندام هەیە.

لە سەر داوای کۆمیتەی بەڕێوەبەری، کۆمیتەی گشتی ئەتوانیت بڕیاری دەرکردنی ئەندام بدات. هۆکارەکانی دەرکردن بەستراوە بە جێبەجێنەکردنی مەرجەکانی ئەندامەتی. پێش بڕیاری دەرکردن، پێویستە دەرفەت بە ئەندام بدرێت لە ماوەی ٣ مانگ دا خۆی سەرڕاست کاتەوە. بڕیاری دەرکردن و هۆیەکانی پێویستە بە نووسراوە بێت.

## §٦. حەقی ئەندامەتی

کۆمیتەی گشتی لە سەر پێشنیاری کۆمیتەی بەڕێوەبەری حەقی ئەندامەتی دیار دەکات. حەقی ئەندامەتی پێویستە پێش کۆتایی مانگی ئەیلول بدرێت.

## §7. ئۆرگانەکانی ڕێکخراوە

ئۆرگانەکانی دیاکورد بریتین لە کۆنگرە، کۆمیتەی گشتی و کۆمیتەی بەڕێوەبەری.

## §٨. کۆنگرە

کۆنگرە بڵندترین ئۆرگانی دیاکوردە. لە کۆنگرەی یەکەم دا دیاکورد بە فەرمی دادەمەزرێت و دووای ئەم هەر چوار ساڵ جارێک کۆنگرەی ئاسایی ڕێکدەخرێت.

کۆنگرە لە لایەن کۆمیتەی گشتیەوە بانگهێشت دەکرێت. بانگهێشتنامەی کۆنگرە پێویستە لانی کەم ٦٠ ڕۆژ پێش کۆنگرە بنێردرێت. لە نامەکە دا پێویستە ناوەڕووکی کۆنگرە شی بکرێتەوە.

ئەرکەکانی کۆنگرە لەم خالانە پێک دێ:

١. بڕیاردان لە سەر گۆڕینی دەستوور

٢. نرخاندنی کارۆباری ٤ ساڵی ڕابردووی ڕێکخراوە

٣. پێداچوونەوە بەم پێشنیارانە کە لە لایەن ئەندامانەوە بۆ کۆنگرە نێردراون

٤. تاوتوکردنی دۆخی کوردستان و دیاسپۆرا

٥. دیارکردنی ستراتژی و میسیونی دیاکورد و پێشنیارکردنی بەرنامە و خەباتی بناخەیی بۆ ماوەی ٤ ساڵ

٦. بڕیاردان لە سەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوە.

نوێنەرانی کۆنگرە بەم شێوە دەسنیشان دەکرێت:

١. هەر یەک لە ڕێکخراوەکانی ئەندام ئەتوانێت بە پێی ڕێژەی خوارێ نوێنەرانی خۆی بۆ کۆنگرە بەڕێباکات:

| | |
|---|---|
| ١ تا ٥ کۆمەڵەی ئەندام | یەک نوێنەر |
| ٦ تا ١٠ کۆمەڵەی ئەندام | دوو نوێنەر |
| ١١ تا ١٥ کۆمەڵەی ئەندام | سێ نوێنەر |
| ١٦ تا ٢٠ کۆمەڵەی ئەندام | چوار نوێنەر |
| زیاتر لە ٢٠ کۆمەڵەی ئەندام | پێنج نوێنەر |

٢. ناوەندەکانی تایبەت (وەک ئەنیستیتۆ، ناوەندی ئاکادێمی، ناوەندی دینی هتد.) کە وەک ئەندام پەسەند کرابن، ئەتوانن هەر یەک نوێنەرێک بۆ کۆنگرە دیار بکەن.

٣. لەم وڵاتانەی کە فیدراسیۆن نەبێ، کۆمەڵەکانی ئەندام ئەتوانن کەسێك وەک نوێنەریان بۆ کۆنگرە بەڕێبکەن.

## §٩. کۆمیتەی گشتی

١. کۆمیتەی گشتی لە کەسایەتیی یەکەمی فیدراسیۆن و ڕێکخراوەکانی ئەندام پێک دێ. لە بەر تایبەتمەندی و بڵاوبوونی کوردان لە وڵاتانی سۆڤیەتی پێشوو ماف پێیان دراوە کە ٣ کەس وەک نوێنەریان بۆ کۆمیتەی گشتی دیار بکەن. ناوەندەکانی تایبەت (وەک ئەنیستیتۆ، ناوەندەکانی ئاکادێمی و ناوەندەکانی دینی هتد.) کە وەک ئەندام قەبوول کرابن ئەتوانن هەر یێک نوێنەرێک بۆ کۆمیتەی گشتی دیار بکەن. هەموو ڕێکخراوەکانی ئەندام ئەتوانن بابەتەکانی پەیوەندیدار بە کار و چالاکیەکانی دیاکورد، پێشنیاری کۆمیتەی گشتی بکەن.

٢. کۆمیتەی گشتی لانی کەم جارێک لە ساڵ کۆبوونەوەی ئاسایی دەکات. کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی گشتی ئەکرێت بە ڕێگەی ئامرازەکانی ئەلەکترۆنیکی بەڕێوە بچێت.

٣. کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتی لە لایەن کۆمیەی بەڕێوەبەریەوە بانگهێشت دەکرێت. . بانگهێشتنامەی کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتی پێویستە لانی کەم ٦٠ ڕۆژ پێش کۆبوونەوە بنێردرێت. لە نامەکە دا پێویستە ناوەڕووکی کۆبوونەوە شی بکرێتەوە.

٤. کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتی کاتێک ئەتوانێت ببێتە خاوەن مافی بڕیاردان کە زورینەی ئەندامانی ئامادە بن. کاتێک کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتی نەتوانێت ببێتە خاوەن بڕیار، کۆمیتەی بەڕێوەبەری پێویستە جارەکی تر هەولی ڕێکخستنی کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتی بدات، بەڵام ئەم جارە پێویست ناکات ٦٠ ڕۆژ ڕاوەستێ. لە جاری دووهەم هەر چەند ئەندام ئامادە بن، کۆبوونەوەکە خاوەن مافی بڕیاردانە.

٥. لە سەر داوای ١/٣ ئەندامانی کۆمیتەی گشتی، کۆمیتەی بەڕێوەبەری ئەرکدار دەبێت، بانگهێشتنامەی کۆبوونەوەی نائاسایی بۆ ئەندامان بەڕێ بکات. بۆ کۆبوونەوەکانی نایاسایی پێویستە هۆیەکانی کۆبوونەوە لە بانگهێشتنامەی کۆبوونەوەکە دا بنووسرێن.

٦. بڕیارەکانی کۆمیتەی گشتی لە ئاستی یەکەم دا بە هەماهەنگی دەدرێن. بڕیار بۆ گۆڕینی دەستوور و هەڵوەشاندنی ڕێکخراوە پێویستیی بە ٢/٣ی دەنگی ئەندامانی ئامادە هەیە.

٧. ئەرکەکانی کۆمیتەی گشتی بریتین لە:

ا. هەڵبژاردن و لابردنی کۆمیتەی بەڕێوەبەری و دەسنیشانکردنی ئەرکەکانی
ب. بڕیاردان لە سەر وەرگرتن و دەرکردنی ئەندامان
پ. دیارکردنی شەرت و مەرجەکانی بەکارهێنان و گۆڕینی بودجە
ت. بڕیاردان لە سەر ژمێریاریی ساڵانە و ئازاکردنی کۆمیتەی بەڕێوەبەری
ج. بڕیاردان لە سەر دیارکردنی دوو چاوەدێری یاسایی
چ. بڕیاردان لە سەر پرۆژە و چالاکیەکان، و دامەزراندنی کۆمیتە و کۆمیسیونەکانی تایبەت (وەک کارۆباری گەنجان، ژنان، زانستی، نەتەوەسازی، دیپلۆماسی، ئێکۆلۆژی، ئابۆری هتد.).

٨. کۆمیتەی گشتی ئەتوانێت ئەم کەسایەتیانەی کە خزمەتێکی درێژخایەن و نەتەوەییان کردبێت و یا لە ئاستی نێونەتەوەیی دەسکەوتی بەربەچاویان بەدەست هێنابێت، وەک ئەندام یا سەرۆکی فەخری دەسنیشان بکات. بڕیارەکانی وا بە هەماهەنگی و یا دەنگی ٢/٣ی ئەندامانی کۆمیتەی گشتی دەکرێت.

٩. مافی دەنگدان بۆ بەشداری لە بڕیاردان بۆ هەموو ئەندامان یەکسانە. دەنگدان ئەکرێت کراوە یا شاراوە بێت. گەر ١/٣ی نوێنەران داوا بکەن، دەنگدان پێویستە بە شاراوەیی بکرێت. سەرۆکی کۆبوونەوەش بۆی هەیە هەڵبژاردنەکە بە شاراوە ڕابگەیێنێت. سکرەتێری کۆبوونەوە ڕاپۆرتی کۆبوونەوە دەنووسێت و لە لایەن سەرۆکی کۆبوونەوە واژۆ ئەکرێت.

کۆمیتەی گشتی مافی هەیە کۆمیتەی بەڕێوەبەرەی لە سەر کار لادەت.

## §١٠. کۆمیتەی بەڕێوەبەری

کۆمیتەی بەڕێوەبەری لە سکێرتێری گشتی، ٤ تا ٨ ئەندامی تر و ٢ ئەندامی جێگر پێک دێ. سکێرتێری گشتی لە لایەن کۆمیتەی گشتی بە هەماهەنگی یا زۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێردرێت. سکێرتێری گشتی بۆی هەیە تەنیان بۆ ماوەی دوو دەورە بە دووای یێک بۆ پۆستەکە هەڵبژێردرێت. دووای ئەو کۆمیتەی گشتی بڕیار لە سەر ژمارەی ئەندامانی تری کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەدات و بەم ڕێژەیە بە زۆرینەی دەنگ ئەم ئەندامانە هەڵدەبژێرێت. لە هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری پێویستە نوێنەرایەتیی جۆگرافی، زایەند (جێندەری) و کوردستانی لە بەرچاو بگیرێت.

کۆمیتەی بەڕێوەبەری لە یەکەمین کۆبوونەوەی خۆی دا ئەرکەکانی خوارێ لە نێو ئەندامانی دابەش دەکاتەوە:

١. بەرپرسیاری کارۆباری ڕێکخستنی

٢. بەرپرسیاری دارایی

٣. بەرپرسیاری ڕاگەیاندن

٤. بەرپرسیاری پەیوەندیەکان

بەرپرسیاری دارایی ئەرکدارە بەڵگەکانی دارایی کۆبکاتەوە و کارەکانی لە کاتی خۆی دا جێبەجێ بکات. ئەو هەروا بەرپرسیارە لە کۆکردنەوەی داهات و یارمەتیەکان بۆ بەرێوەبردنی بواری ئابوریی کاروباری رێکخراوە.

کۆمیتەی بەرێوەبەری بەرپرسیارە لەوەی کە ژمێریاری بە رێکوپێکی بکرێت. لە پرسەکانی دارایی، سکێرتێری گشتی و بەرپرسی دارایی مافی واژۆکردنیان هەیە.

لە کۆتایی ساڵی دارایی چاودێر راپۆرتی دارایی بۆ کۆمیتەی بەرێوەبەری بەرێدەکات. ئەو هەر وا داوای ئازاکردنی بەرپرسی دارایی بۆ کۆمیتەی گشتی بەرێدەکات.

لە کاتێک دا کە ئەندامێکی کۆمیتەی بەرێوەبەری دەست لە کار هەڵگرێت، ئەندامێکی جێگر تا کۆتایی ماوەی دیاریکراو جێگەی ئەو دەگرێتەوە.

کۆمیتەی بەرێوەبەری پێویستە کاروباری دیاکورد و بریارەکانی خۆی و کۆبوونەوەی کۆمیتەی گشتی جێبەجێ بکات.

کۆمیتەی بەرێوەبەری بە هەماهەنگی یا زۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئامادە لە کۆبوونەوەکانی بریار دەدات. کاتێک کە دەنگەکان وەک یێک دەربچن، سکێرتێری گشتی خاوەن بریارە. کۆمیتەی بەرێوەبەری کاتێک ئەتوانیت بریار بدات کە لانی کەم نیوەی ئەندامانی لە کۆبوونەوەکە ئامادە بن.

راپۆرتی کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی بەرێوەبەری پێویستە بۆ ئەندامانی کۆمیتەی گشتی بنێردرێن. ووتوێژەکانی کۆمیتەی بەرێوەبەری شاراوە نە، ئەگەر خۆی بە جیا بریارێکی تر لە سەری نەدات.

## ١١§. واژۆکردن لە سەر ناوی رێکخراوە

سکێرتێری گشتی دووای ئاگادارکردنی کۆمیتەی بەرێوەبەر مافی واژۆکردنی لە سەر ناوی رێکخراوە هەیە. کاتێک کە سکێرتێری گشتی ئامادە نەبێت، ئەو بۆی هەیە دەسەڵاتی واژۆکردن بە ئەندامێکی تری کۆمیتەی بەرێوەبەری بدات.

ئۆفیسی تۆمارکردنی رێکخراوەکان ئاگادار دەکرێت کە کاتێک پێویست بێ دەستووری پێشنیارکراو بە هۆی یاسایی بگۆڕدرێت، سکێرتێری گشتی مافدارە نوێنەرایەتیی رێکخراوە بکات و زانیاری لە سەر گۆڕانکاریەکان وەربگرێت.

## ١٢§. گۆڕینی دەستوور و هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوە

بریاری گۆڕێنی دەستوور و هەڵوەشاندنەوەی دیاکورد ئەتوانێت تەنیا لە لایەن کۆنگرەی ئاسایی بە رێژەی دەنگی دوو لە سەر سێ (٢/٣) بدرێت. باسی گۆڕینی دەستوور یا هەڵوەشاندنەوەی دیاکورد ئەبێ لە بانگهێشتنامەی کۆنگرەی ئاسایی دا بنووسرێت.

لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی دیاکورد، دارایی رێکخراوە لە نێو فیدراسیون و رێکخراوەکانی تری ئەندام دابەش دەکرێت.

دەستوور بە بریاری کۆنگرەی دامەزراندنی کۆنفیدراسیونی کوردانی دیاسپۆرا (دیاکورد) لە ___/___/٢٠___ لە ______________ پەسەند کراوە و کەوتووتە بواری جێبەجێکردن. دەستووری فەرمی بە زمانی ئینگلیسی و کوردی بڵاوکراوەتەوە.